# درەختێك یان دارستانێك؟

ن/د.حسن مدن
و/هێمن مەحمود-دەربەندیخان
Hemnm1979@yahoo.com

ئەگەر ئەو کەسەی کە کاری لێکۆڵنەوە دەکات لە مێژووی فیکری یا رۆشنبیری عەرەبی هاوچەرخدا هەندێك بەووردی بیربکاتەوە ئەو حەقیقەتەی بۆ دەردەکەوێت کە ئەم مێژووە هەرگیز ئەو فەزا بەرفراوانەی بەخۆیەوە نەدیووە کە هەموو فیکرە جیاوازەکان لەخۆبگرێت وبەئازادانە کاری خۆیان بکەن،بەڵکو بەردەوام ئەم فەزایە دیلی تاکە رەوتێك بووە کە هەموو ئەوانی دیکەی سڕیوەتەوە.

ئەو کەسانەشی کە سەر بەم رەوتە بوون نەیانتوانیوە هەموو دارستانەکە ببینن بەڵکو بەتەنها نیگاکانیان بڕیوەتە تاکە درەختێك.

فەیلەسوفە گەورەکان یا بیرمەندە گەورەکان هەرگیز بەوە رازینەبون کە ناویان یا کەسایەتیان بەتاکە رەوتێك یا فیکرێکەوە ببەسترێت،چونکە ئەوان هەمیشە وەها سەیری بیروبۆچونەکانی خۆیان کردووە کە تایبەت نین بە رەوتێکی دیاریکراو یا فیکرێکی دیاریکراوەوە و لەحاڵەتی گەشەکردنی بەردەوامیشدان،نەوەك لەحاڵەتی وەستاندا،هەربۆیە هیچ شتێك کۆتایی یا داخراو نییە بەنیسبەت ئەوانەوە.

ئەوەی کە ئەو رێژانە یا ناولێنانەیان دروستکردووە شوێنکەوتوان وپەیڕەوکەران بوون و وەهایان کردووە کە فەلسەفەکان وبیروبۆچونەکان عەقیدەگەلێکی مردووبن.

رۆشنبیری عەرەبیش ئەوەندەی خۆی بەمەوە خەریککردووە خۆی بە نوێبونەوە خەریك نەکردووە،رێگای پەیوەستبونیشی هەڵبژاردووە تاوەکو رێگای جیابوونەوە،هەروەك بیرمەندی مەغریبی (عبدالسلام بنعبد العالي) جەختی لەسەر دەکاتەوە،چونکە پەیوەستبون بریتی یە لە ئیسقیرارکردن وبەردەوامی وجێگیربون،کە ئەم سیفەتانەش لەگەڵ سروشتی مەعریفەدا نایەتەوە.

ئەم بیرمەندە سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت کە ئەو رەوتانە ژیانی خۆیان لە دروشمەکاندا دەبیننەوە،واتە لە زمانی دروشمەکاندا،ئەمەش بەمانای ئەوەدێت کە زمان تاکە دەسەڵاتە،ئەوەشی وادەکات دەرچون لەو تەوقە قورس و ئاڵۆزاویبێت ئەوەیە دروشمەکان زور بەزوویی دەرۆنە مێشکەکانەوە،هەر زۆر بەخێرایش لەواقیعدا بالآدەستی خۆیان دەسەپێنن و دەرچون لێی مەحاڵ دەبێت.

چونکە "رەوتە رۆشنبیرییەکان،دەمامکیان لەژێر هەرچی ناوێکدابێت ،ئەوانە هەمیشە دەزگان" ئەو رەوتانەی لەژێر ئەم مانایەدان لەشوێنێکدا ،لە خاڵێکدا دەوستن ،و مەرجەعیەتیشیان تاکە شوێنێکە.

ئەم رەوتانە لە شەپۆلێکی راماڵێنەر دەچن،نەك بۆ خۆیان،بەڵکو بەنسیبەت ئەوانەی کە دەیانەوێت بەوە قەناعەتیان پێبهێنن کە ئیدی واز لە سەیرکردنی تاکە درەختێك بهێنن وچاو لە هەمەچەشنی دارستانیك نەنوقێنن.

سەرچاوە/ رۆژنامەی (الخلیج)ی ئیماراتی
رۆژی 5/14